دۆخی پەنابەرانی کورد لە سنووری ئۆردوێن هەر لە نالەباریی دایە

ئەو هەواڵانەی لە دۆخی پەنابەرانی کوردی گیر خواردووی سنووری ئۆردون گەیشتون مایەی خەم و نیگەرانیی هەموو کوردستانییەکی بە شەڕەفە .

٨١ کەسی کوردی ڕۆژهەلات کە بەشێکن لەو پەنابەرانەی پێشتر لە کەمپی ئەڵتاش لە باشووری عێراق نیشتەجێ بوون ،ماوەیەکی زۆر بە هیوای دەرباز بوون لەو دۆخە نالەبارە ،ئازار و ناخۆشییەکی تاقەتپڕوکێن دەچێژن .

بۆ بە هاناوە چوونی ئەو ڕۆڵە لێقەوماوانەی گەلی کورد ، ژمارەیەك کوردی دڵسۆز لە شاری ستۆکهۆڵم ، لە دەوری یەك کۆبوونەتەوە تا یارمەتییەکی بە پەلەیان فریا بخەن .

یەکێتی شۆڕشگێڕانی کوردستان وێڕای هاودەردی دەربڕین لەگەڵ ئەو ڕۆلە کوردانە ،پشتیوانی لە هەنگاوی خوشك و براکانیان لە ستۆکهۆڵم دەکا و بەش بە حاڵی خۆشی هەتا هەر کوێ دەنگی بڕ بکا ،هاواریان بۆ دەکا.

یەکێتی شۆڕشگێڕانی کوردستان

٢٠٠٥/٢/٥

www.ruk2691.com
ruk2691@yahoo.com